ڕاگەیاندنی سەنتەری منالان سەبارەت بە ملهوڕی و شەڕ و داگیرکاری ڕژێمی ئەمەریکا بۆ سەر خەڵکی عێراق..




"نا" بۆ ڕوخاندنی باخچەی ساوایان و خوێندنگاکان بەسەرماندا..!!

خەڵکی عێراق زیاتر لە 35 ساڵ بوون بە قوربانی دڕندەیی ڕژێمی هارو گۆڕبەگۆڕی بەعس ، منالانی تازەلاو، ژنان و پیاوان گەورەترین قوربانیان دا و سەدان هەزار کەس بەدەستی ڕژێمی سەدام ئەنفال و زیندە بە چاڵ و ڕەمی و ئیعدام کران. وەک هەمیشەشە بەشێکی بەرچاوی ئەم

   

قوربانیانە منالانی

بێتاوان و بێدیفاع بوون.

ڕژێمی هارو دڕندەی ئەمەریکا بە بیانووی نەهێشتنی چەکی کۆکوژی و لە نێو بردنی تیرۆر ، هێرشی کردە سەر خەڵکی عێراق ، بۆمبەکانی ئەمەریکا زیاتر لە 100 هەزار لەخەڵکی عێراقی کوشت و سەدان هەزاریش بریندارى لێکەوتەوە ، کە هەزارەها لەو قوربانیانە منالان بوون ئەمە جگە لە تۆقاندن و زندەق بردن و شێواندنی باری دەرونی هەزاران منال. شەڕی ئەمەریکا لەدژی خەڵکی عێراق، لایەک کوشت و کوشتاری زۆری لە خەڵکی بێتاوان لێکەوتەوەو لە لایەکی تریشەوە تەواوی کۆمەڵگای تووشی ئاوارەی و دەربەدەری و وێران کردن کرد، بەجۆرێک کە هیچ ئاسەورێک لە مانەوەی ژیانی مەدەنی بۆ خەڵکی و بەتایبەتیش بۆ منالان و ژنان بە سیمای کۆمەڵگاوە نەماوە ، ڕژێمی ئەمەریکا جگە لەوەی کە بەردەوامە لە تالان کردن و داگیرکاری عێراق و کوشتنی هەموو ڕۆژەی خەڵک ، جگە لە هەموو ئەمانەش خەتەر ترین دیارییەک بۆ خەڵکی عێراقی هێنا زۆیندوو کەرەوەی دەیان گروپی مەزهەبی تیرۆریست و تیرۆرکردن و تۆقاندن و سەربڕینی ئینسانەکانە.



شەڕی ئەمەریکا لە دژی خەڵکی عێراق نەک هەر تیرۆری بنەبڕ نەکرد ، بەڵکو گەشەی پێداو لەناو ئەو گروپە تیرۆریستە ئیسلامییە جۆراو جۆرانەی کە لە هیچ شوێنێکدا پێگەی پەروەردەو گەشەکردنیان نەمابوو ، لە سایەی شەڕو داگیرکاری ئەمەریکادا زیندوو بە هێزبوونەوەو بەجۆرێک کە ئێستا هەڕەشە لە تەواوی سیمای مەدەنی کۆمەڵگا دەکەن و دەیانەوێ منالان و

هەموو ئینسانەکان بەرەو تاریکستان بەرن و مرۆڤەکانی ئەم کۆمەڵگایە بگەڕێننەوە بۆ چاخەبەردەینەکان.

ژمارەی ئەو منالآنەی کە ڕۆژانە دەبنە قوربانی سیاسەتی شەڕخوازی ئەمەریکاو لەباوەشی گەرمی ئازایزانیان دەفرێندرێن و لەبەرامبەر برێک پارەدا دەکرێن بە بارمتە، ئەو منالآنەی کە لەلایەن دەستەو تاقمی تیرۆریستەوە دەرس دەدرێن و فێری خۆتەقاندنەوەو مرۆڤ کوشتن و دڕندەیی دەکرێن، ئەو منالآنەی کە بێخانەو لانە بوون و کەوتنە سەرجادەکان و بێسەرپەشت مانەوە ، کە ڕۆژانە لەلایەن گەورەکانەوە مەوادی مخەدریان پێدەدرێت و بێهۆشیان دەکەن و پاشان بەزۆر ئیغتسابیان دەکەن ، ژمارەی ئەو منالآنەی کە بە دەستی دەیان گروپی مافیاییەوە گرفتارن و بۆ کاری سێکس و لەشفرۆشی بەکاردەهێنرێن ، ژمارەی هەموو ئەو منالآنە لە هەژماردن نایەن و هۆکارەکەشی بە پلەی یەکەم ڕژێمی دڕندەو دژی ئینسانی ئەمەریکایە.



ڕۆژی 24 سێپتەمەبەر ئەو ڕۆژەیە کە لە بەشێک لە وولآتانی دنیادا بزوتنەوەی دژی شەڕو داگیرکاری ، بزوتنەوەی دژی ملهوڕی و عەسکەرتاری ڕژێمی ئەریکا، وەرێ دەکەوێ و خەڵکی دەڕژێنە سەرجادەکان و پشتیوانی و هاوکاری خۆیان و بۆ خەڵکی بێتاوان لە عێراق و دنیادا نیشان دەدەن و "**نا**" یەکی گەورەدەڵێن بۆ سیاسەتی نا مرۆڤانەو شەڕخوازانەی ڕژێمی ئەمەریکا.




لەم ڕۆژەدا ئێمەش وەک سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالآن ، دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ ئەو سەدان هەزار دەنگەی ئینسانە ئازادیخوازەکانی دنیا و بەیەک دەنگ نەفرەت لە سیاسەتی شەڕخوازانەو داگیرکاری ئەمەریکا دەکەین. وە نامانەوێت لەوە زیاتر کەڵبەکانی بۆش و بلێرو هاوکارانیان لە جەستەی ناسکی منالآنی عێراق بژەنن و خەڵتانی خوێنیان بکەن.

**شێرزاد فاتح**

**سەنتەری بەرگی لە مافەکانی منالآن**

**23 september, 2005**